# له دیدارێکی وەزیری مافی مرۆڤ و
# کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان
# دووپاتی پاراستنی دەستکەوتەکان کرایەوە....



سەرلە بەیانی ئەمرۆ 2008/8/25 بەرێز د.شوان محمد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە وەفدێکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان کرد...

لەم دیدارەدا کە بەڕێز عبداللە عبدالکریم بەرێوەبەری گشتی دیوان ئامادەیبوو گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل لەسەر رۆلی پێشمەرگە دێرینەکان کرا لە هێنانەکایەی رۆژی ئازادی کوردستان و دروستکردنی پەرلەمان و حکومەت کە رۆژێ لە رۆژان لە سەنگەرەکان ئەم بەڵێنەیان بە گەلەکەیان دابوو بە خوێنی خۆیان ئەم چارەنووسەشیان نەخشاند.

لەتەوەرێکی دیکەدا وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتی کردەوە کە ئەمرۆ سەردەمی خەباتی شارە و لەسەر هەموو پێشمەرگەیەکی دێرینی دڵسوز ئەرکە کە بەهەمان گرو تینەوە لە پێناوی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی شارستانیەت خەباتی دوێنێی برەو پێبدات.

هەروەها سەرۆکی وەفدی پێشمەرگە دێرینەکان لەبەرامبەردا هەڵوێستی کۆمەڵەکەیانی روونکردەوە کە ئەمڕۆ لەهەموو رۆژەکانی دیکە زیاتر ئەرکی پێشمەرگە زێتر بووە و لە بەرامبەردا هەندێ گۆڕانکاری و هاتنە پێشەوەی سەردەم هێشتا پێشمەرگە دێرینەکان ئەرکی گرنگیان لەسەرشانە بۆ پاراستنی ئەم دەسکەوتانەی بۆ گەلەکەمان هاتۆتە دی.
هەر لەم دیدارەدا وێڕای باسکردنی چۆنیەتی کارەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ وەزیری مافی مرۆڤ داوای کرد کە پێویستە بەر لە هەموو چین و توێژەکان هێزی پێشمەرگە پابەند بێت بە بەندەکانی جاڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی مافەکان و زەروریەتە هەمیشە هێزی پێشمەرگە لە پێشێلکارییەکان دوور بکەوێتەوە. راشیگەیاند: کە لەم ماوەیەی کابینەی پێنجەم کە وەزارەتی مافی مرۆڤی تیا دروستبووە لەمیانی کاری بەردەوامان گۆڕانکاری باش هاتۆتە کایەوە لەسەرووی هەموشیانەوە ناساندنی مافی مرۆڤە بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێستاکە وانەی مافی مرۆڤ لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە کە لە ئایندەدا مافی مرۆڤ لەلای نەوەی نوێ نامۆ نەبێت.